لە پانیلیکدا ئالافەرەج نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق و نوینەری ئەمنستی ئەنتەر ناسونال لەبارەی ژنانی عیراقەوە دەدوین؟

بەبۆنەی رۆژی جیهانی راوەستانەوە لەدژی تونوتیژی دژ بەژنان رۆژی 27-11-2004 ریکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆنالْ بەشی فنلاند لە هۆڵی کایسای سەنتەری شاری هیلسینکی پانیلیکی ئالافەرەج نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق وماریا یاهۆلا نوێنەری ریکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆنال بەشی فنلاند، سازدا.

لەم پانیلەدا کەژمارەیەکی بەرچاو لەخەلکی ئامادەیی بوون، سەرەتا ماریا یاهۆلا لەبارەی دیاردەی توند وتیژی دژ بە ژنانەوە باسیکی پیش کەش کرد و چەند تۆکمینتیکی خستە روو کە کوزارشتی لەباری ناهەموواری ژنان لەچەندین ولاتدا دەکرد. پاشان ئالا فەرەج لەباسیکی یەك کاتژمیریدا لەبارەی وەزعی ژنانی عیراق لە دوای جەنگ و داگیرکاری ئەمریکاو پەرەگرتنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەعیراقدا قسەوباسی کردو لەمبارەشەوە ئاماژەی بەهەولی تیرۆرریستانی ئیسلامیدا کە چۆن لەراستای بەئفغانی کردنی عیراقدا دەست بەکارن و تیدەکۆشن بۆ داسەپاندنی رەشترین و سەرکوتگەریترین هەلومەرج بەسەر ژناندا و ئەمەشی لەریگای خستنەرووی چەندین دۆکمینتەوە نیشانی ئامادەبووان دا. ..جیگای ئاماژەیە کەلەم پانیلەدا چەندین کەسایەتی لەریکخراوەکانی ژنانی فینلاندی ئامادەیی بوون لەبارەی قسەوباسەکانی ئالافەرەجەوە چەندین پرسیارو باری سەرنجیان خستەروو.

لەبەشی دووهەمی پانیلەکەدا لەبارەی وەزعی ژنانی پەنابەران و کوشتنی ناموسی و توندوتیژییەکانی دژ بە ژنانی پەنابەر قسەوباسکرا و لەونیوەشدا سروە حەویز و شوکریە محمود لەبارەی کارەساتەکانی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەفەوە سەرنجی ئامادەبووانیان بۆ سیاسەتی فرە کەلتوری دەولەتانی ئەوروپا، وەك هۆکاریك لە کەوتنەوەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان لە ولاتانی ئەوروپا، راکیشا.

شایانی باسە لەکۆتایی پانیلەکەدا ئامادەبووان پشتیوانی خۆیان لە خواستەکانی ژنانی عیراق دەربری و نوینەری ریکخراوی ئەمنستیش لەم راستایەدا هاوکاری خۆی راگەیاند.

ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق – فنلاند
2004-11-28